Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# هەڵسەنگاندنی پەیکەری حزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا


توێژەران:

پ. د. اسماعیل نامق، پ. ی. د. سەروەر محمد، لانە سەردار


٢٠٢٥


Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەران: |
| --- | --- | --- |
| توێژینەوەی شیکاری | سیاسی | پ. د. اسماعیل نامق<br>پ. ی. د. سەروەر محمد<br>لانە سەردار |

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیژییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

**تێبینی:**

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

## پوختە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بە ڕێبازێکی شیکاریی بەستووە، بۆ شیکارکردن و شیتەڵکردنی مۆدێلەکانی پەیکەری حزب و دەقە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستاندا و هەڵسەنگاندنیان. لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەوەی پارتەکان لە نێوان دوو بژاردەدان: یان گۆڕینی پەیکەرە ستونییە کلاسیکییەکە یان سەرلەنوێ بچووککردنەوەی پەیکەرەکە و داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای بازنەکانی هەڵبژاردن یان بوون بە پارتێکی دەنگدەر تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا کۆمەڵێك چالاکییان هەبێت. بۆیە پێشنیارمانکردووە پەیکەری پارتە سیاسییەکان دابڕێژرێتەوە، بە شێوەیەك ئەندامان کەمبن، بەڵام لایەنگر و دۆست زۆر بێت، واتە تێکەڵەیەك بێت لە ستونیی و ئاسۆیی. هەروەها تێبینیمانکرد کە بوونی دوو یاسا لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بارگرانی دارایی و ڕێکاریی بۆ پارتە سیاسییەکان دروست دەکات، هەروەها بەهۆی ناکۆکی نێوان حوکمەکانی هەردوو یاساکە، کێشە بۆ پێگە یاساییەکان دروست دەبێت. بۆیە وا باشترە یەك یاسا هەبێت کاروباری پارتە سیاسییەکان ڕێکبخات، خۆ ئەگەر بڕیار بێت، دوو یاسا هەبێت، یاسایەکیان بۆ حکومەتی فیدراڵ و ئەوی تریان بۆ هەرێمەکان، ئاوها هەر پارتێکی سیاسی بە پێی یاسای حکومەتی فیدراڵ مۆڵەت وەربگرێت و لە هەرێمدا بە دامەزراو دابنرێت، هەروەها هەر پارتێکی سیاسی بە پێی یاسای هەرێمەکان دامەزرا، لە حکومەتی فیدراڵدا تەنها تۆمار بکرێت، بێ دووبارەکردنەوەی ڕێکاری دامەزراندن.

## پێشەکی
### ناساندن و گرنگی بابەتی توێژینەوەکە

پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، هەندێکیان لە سەردەمی شۆڕشی چەکداری و خەباتی شاخدا دروستبوون، لەسەر بنەمای پەیکەرێکی ڕێکخستنی ستوونیی پشتبەستوو بە رایەڵە و پلەبەندی ئەندام و ناوەندێتی لە بڕیاردانداا. هەندێکی دیکەیان پارتی هەڵبژاردن و دەنگدەرن و هەڵقوڵاوی ئەو واقیعە نوێیەن کە دیموکراسی و فرەیی دروستی کردوون، ئەمان کەمترین ئەندام و بنکە و بارەگای حزبییان هەیە.

کەواتە ئێمە لە بەردەم دوو مۆدێلی حزبایەتیداین، کە هەردووکیان لە یەك مەیدان و ژینگەدا کار دەکەن و کارلێکدەکەن و کاریگەرییان بۆ سەر یەکتر هەیە. یاساکانیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی هەردوو مۆدێلەکە دەکەن و هیچیان ڕەتناکەنەوە. بۆ نموونە یاساکانی ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان پێویستی دەکەن کە هەر پارتێکی سیاسیی ژمارەیەك ئەندامی هەبێت، بەپێی یاسای ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق دەبێت لە ٢٠٠٠ کەس کەمتر نەبێت، بەڵام بەپێی یاسای حزبەکان لە هەرێمی کوردستاندا ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ دەبێت لە ٥٠٠ کەس کەمتر نەبێت، لە کاتێکدا یاساکانی هەڵبژاردن هانی مۆدێلی حزبی هەڵبژاردن دەدەن. بۆیە گرنگی ئەم بابەتە لەوەدا بەدەردەکەوێت، کە مامەڵە لەگەڵ میراتێکی کۆنی حزبایەتیی و واقعێکی نوێی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و چەندین یاسای جیاوازی کۆن و نوێدا دەکات.

## کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی هەندێك لە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ دروستبوون و کاردەکەن، پەیکەری رێکخستنی خۆیان لەسەر بنەمای ئەو یاسایە دارشتووە، لە کاتێکدا بەهۆی ئەو گۆرانکارییانەی کە لە ژینگەی کاری سیاسیدا روویداوە، یاساکە و پەیکەری ئەو پارتە سیاسییانەش پێویستیان بە نوێکردنەوەیە ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە لە حکومەتی فیدراڵدا یاسای پارتە سیاسییەکان ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ بەرکارە، ئەم یاسایە بەسەر هەرێمی کوردستانیشدا جێبەجێدەکرێت. بوونی دوو یاسا لەیەك کاتدا و جێبەجێکردنیان بەسەر پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، رەنگە ناکۆکی و دژ وەستان لە حوکم و پێگەی یاسایدا دروست بکات. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی خستنەروو و چارەسەرکردنی ئەو دوو کێشەیە دەدەین.

## ئامانجی توێژینەوەکە

**ئامانجمان لەم توێژینەوەیە:**

١. خستنەرووی پەیکەری پارتە سیاسییەکانە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەو پەیکەرە لەگەڵ گۆرانکارییەکاندا دەگونجێت کە لە ژینگەی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا روویانداوە و هەنووکە روو دەدەن.

٢. روونکردنەوەی هەڵوێستی یاساکانی پەیوەست بە کاری سیاسییەوە، بە تایبەتی یاساکانی رێکخستنی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا، بۆ دەرخستنی لایەنی باش و خراپیان، ئایا تا چەند پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیان رەچاو کردووە؟ هەروەها تا چەند وەڵامدەرەوەی ئەو واقیعە نوێیەن کە هاتۆتە ئاراوە؟

## رێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە رێبازێکی شیکاریی بەستووە، بۆ شیکارکردن و شیتەڵکردنی مۆدێلەکانی پەیکەری حزب و دەقە یاساییەکان و هەڵسەنگاندنیان. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست فۆکس گروپ ئەنجامدراوە، ژمارەی ئەندامانی فۆکس گروپەکە (١٠) بەشداربوو بووە، کە بریتیی بوون لە ئەندامی پێشکەوتووی رێکخستنی پارتە سیاسیەکان، کەسانی ئەکادیمی، یاساناس، ئەندامانی پەرلەمان و پارێزەران.

پێشتر پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەکو ڕێکخراوی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر سەیر دەکران و دەبینران. بەڵام دوای ساڵی ١٩٩٢ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی و دواتر یەکگرتنەوە لە فۆڕمێکی لەرزۆکی یەك ئیدارەیدا، نەبوونی دابینکردنی خزمەتگوزاری، قەیرانی ئابووری، و نەبوونی شەفافیەتی ئابووری ئەو بۆچوونەی لای هاوڵاتیان گۆڕی و خەڵك بێهیوا بوو.

دەرکەوتنی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ساڵانی ڕابردوودا کەمێك هیوای بۆ خەڵك گەڕاندەوە، هەرچەندە ئەوانیش نەیانتوانی بەربەستی بێهیوایی خەڵك بە تەواوی تێکبشکێنن، بەهۆی بەردەوامنەبوونی ڕۆڵ و مانەوەی کاریگەرییان، یاخود تاڕادەیەک خۆیان تێکەڵی سیستەمی بەرژەوەندی تایبەت بوون، لە ڕێگەی بەشداربوون لە سیستەمی حکومڕانی و بازرگانی هەرێمەوە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی سامانی سروشتی زۆرە، دانیشتوانێکی گەنج و فێرخوازی زۆری هەیە، بەڵام بە هۆی نەبوونی ستراتیجی کۆنکرێتیەوە، ڕووبەڕووی کێشەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی زۆر بووەتەوە، وەک بێکاری گەنجان، پەیوەست بوونی زۆر بە داهاتی نەوتیەوە، لاوازبوونی پەرەسەندنی کەرتی تایبەت، نەبوونی دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی بە شێوەیەکی گونجاو. هۆکاری سەرەکی ئەم کێشانە بریتییە لە نەبوونی ئەزموون لە بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی حزبەکان، کێشەکان بە شێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە:

١.کێشە سەرەکییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٢.لاوازبوونی بازاڕی تایبەت.

٣.گرفتی نەبوونی سیستەمێکی بانکی تۆکمە، لاوازی پاڵپشتی دروستکردنی بازرگانی بچووک و مامناوەند، بازاڕی تایبەتی هەرێمی لاواز کردووە. ئەم کێشە بنەڕەتییە خۆی لە ئاڕاستەکردنی سیاسییدا دەبینێتەوە کە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی ئابووری لە دەستی کەمینەیەکی سیاسیدا کۆکردۆتەوە.

٤.ئابووری هەرێم بە شێوەیەکی زۆر پەیوەستە بە هەناردەکردنی نەوت، کەوا دەکات هەر گۆڕانێک لە نرخی نەوت یاخود تێکچوونی دۆخی سیاسی و دروستبوونی گرژی سیاسی لەگەڵ بەغدادا، قەیرانی گەورە بۆ دانیشتوانی هەرێم دروست بکات. چونکە لە ٩٤% داهاتی میزانیەی گشتی لەسەر داهاتی خەرجی نەوتە، ئەمەش هەرێمی کردووە بە قوربانی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان.

٥. جیاوازی ڕەگەزی و لاوازی بەشداری گەنجان، ژنان و گەنجان بەشداری کەمیان هەیە لە پێگەی بڕیاردانی ئابووری و سیاسی، ڕێگرییان لێ دەکرێت لە گەیشتن بە پۆستە بەرزەکانی ئەم بوارانە. لە کاتێکدا ژنان نزیکەی نیوەی کۆمەڵگا پێک دەهێنن، تەنها ١٨%ی پۆستە باڵاکانی هەرێمیان بەدەستەوەیە. هەروەها گەنجان کە ٦٥%ی دانیشتوان پێک دەهێنن، بەرزترین ڕێژەی بێکاریان هەیە.

٦. خزمەتگوزاری گشتی لاوازە، کەم پەرەیان پێدراوە و بە ناکارای بەڕێوە براون. بە جۆرێک لە ساڵی ٢٠٢٣دا، تەنها ٣٤%ی خەڵک ڕازیبوون لە خزمەتگوزاری تەندروستی، ٤٢%یان لە خزمەتگوزاری پەروەردە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی دابەشکردنی سەرچاوەکانە بەپێی بەرژەوەندی حزبی نەک پێداویستی ڕاستەقینەی هاوڵاتیان.

٧.هەڵئاوسانی زۆر لە ڕێژەی کارمەند لە دامەزراوە گشتیەکانی هەرێمدا، لە بودجەی گشتی تەرخان کراو سەرووی ٦٨% بۆ موچە و پاداشتی کارمەندانی حکومەت خەرج دەکرێت، ڕێژەیەکی کەمی دەمێنێتەوە بۆ وەبەرهێنان. بۆ نموونە تەنها لە ساڵی ٢٠٢٣دا ٦٨%ی بودجەی گشتی بۆ موچەی کارمەندان چووە، لە کاتێکدا بە پێی ستانداردی بانکی نێودەوڵەتی نابێت لە ٣٥% زیاتر بێت.

٨. بێکاری و کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات، ڕێژەی بێکاری ١٦% تێپەڕاندووە، کە بووەتە هۆی شەپۆلێک لە کۆچکردن. ئامارەکان نیشانی دەدەن کە ساڵانە نزیکەی ٤٥,٠٠٠ کەس هەرێم جێدەهێڵن، کە زۆرینەیان گەنجانی خوێندەوار و شارەزان. ئەم کۆچە نەک تەنها توانای مرۆیی کەمدەکاتەوە، بەڵکو هیوای گەنجانیش لە سیستەمی ئێستا کە هەیە لاوازدەکات.

## ئەم توێژینەوەیە دابەشبووە بۆ دوو تەوەری سەرەکی

١. تایبەتە بە شیکارکردنی مۆدێلەکانی پەیکەری حزب، خستنەڕووی پەیکەری پارتە سیاسییەکانە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەو پەیکەرە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەگونجێت، کە لە ژینگەی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا ڕوویانداوە و هەنووکە ڕوودەدەن.

٢. تایبەتە بە دەقە یاساییەکان و هەڵسەنگاندنیان، بە تایبەتی یاساکانی ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا، بۆ دەرخستنی لایەنی باش و خراپیان.

## تەوەرەی یەکەم/
## هەڵسەنگاندنی پەیکەری (ڕێکخستنی) پارتەکان: تاچەند گونجاوە بۆ سیاسەتکردن لە ئێستادا

پارتە سیاسیەکان بەردەوام ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری نوێ دەبنەوە لە کاتێکدا لە هەوڵی بەردەوامدان خۆیان لەگەڵ ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا بگونجێنن، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، وەك زۆربەی دامەزراوەکانی تر شێوازی کاری ڕێکخراوەیی خۆیان ڕێکخستووە و خاوەن ئۆرگانێکی تایبەت بە خۆیانن بە ناوی "مەکتەبی ڕێکخستن" کە بە تەواوەتی پەیوەستن پێیەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت گۆڕانکارییەکان بە ئاسانی لەم پەیکەرەدا ناکرێن، کە چەندین ساڵە پارتەکان لەگەڵیدا ڕاهاتوون. لە زانستی سیاسەتدا ئەو دامەزراوانەی زیاتر توانای وەڵامدانەوە و خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا چانسی مانەوە و گەشەکردنیان زیاترە، بە پێچەوانەوە ئەو ڕێکخراوانەی توانای کارلێکردنیان نییە لەگەڵ پێشهات و بارودۆخە نوێیەکاندا، چانسی گەشەکردن و مانەوەیان ئەستەم دەبێت (١).

ئەو گۆڕانکارییانەی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕوویانداوە چەندین پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، کە چەندین ئاڵەنگاری بەرچاویان خستووەتە بەردەم پارتە سیاسیەکان: یەکێك لە گرنگترین ئاڵەنگارییەکان ژینگەی ناوخۆ و پەیکەری ڕێکخستنی پارتەکانە، کە ئایا بۆ سەردەمی ئێستا گونجاوە، ئەو ئەدەبیاتەی لە سەر پارتە کوردییەکان تا ئێستا نوسرابێت، بریتیە لە مێژووی سەرهەڵدان و خەباتی چەکداری پارتەکان (٢)، بەڵام ئەو بۆشاییەی کە تا ئێستا قسەی کەمی لەسەر کراوە، بریتیە لە گۆڕانکاری لە پەیکەری پارتەکان، کە ئایا لەم سەردەمەدا ئەو ڕێکخستنە ستونییە - پلەبەند(هەرەمی) پێویستە بۆ سیاسەتکردن.
زۆربەی پارتە کوردییەکان کە دروست بوون پەیکەری ڕێکخستنی ستونی بەسەریاندا زاڵ بووە، ئەوەی ڕۆڵی تەوەرەیی گێراوە لە پەیکەرەکەدا دەستەبژێری سیاسی بووە. ئەم جۆرە لە ڕێکخستن بۆ سیاسەتکردن و ئەجێندای حزبی باڵی بەسەر زۆرێك لە پارتە کوردییەکاندا کێشاوە. شێوازی ڕێکخستنی ئەم پارتانە تاڕادەیەکی زۆر لە شێوازی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات نزیك بووە (٣). پارتە کوردییەکانیش لەبەرئەوەی لە سەردەمی خەباتی شاخدا کە زیاتر ڕێکخستنەکانیان مۆرکێکی سەربازی هەبووە ئەم پەیکەرەیان بە باش زانیوە بۆ ڕێکخستنی کاری حزبی. لە پەیکەری ستونیدا دەستەبژێری سیاسی و سەربازی ناو حیزب سەرنجیان لەسەر جۆرێك لە بە سەنتەرکردن، کۆنترۆڵکردن و گەیشتن بووە بە گشت ڕێکخستن، مەڵبەند، لق، کۆمیتە، کەرت، ڕێکخراو و شانە ...هتد (٤). حزب لە کۆندا گرنگی کەمتری دابوو بە بنیادنانی پێکهاتەی ئاستەکانی ناوەند و دروستکردنی بنکەی جەماوەری.

بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، دوای بەشداریکردنی پارتەکان لە هەڵبژاردنە یەك لە دوا یەکەکاندا، پارتەکانی هەرێم بۆیان دەرکەوت کە ڕێکخستن لە دنیای دیموکراسیدا پێویستی بە گۆڕینی پەیکەر هەیە واتە لە دنیای دیموکراسی و هەڵبژاردندا ئەجێندا و سیاسەتکردن پێویستی بە شێوازی ڕێکخستنی نوێ هەیە (٥). لێرەدا پرسیاریك ڕەنگە جێی مشتومڕ بێت ئایا ڕۆڵی پەیکەرە تەقلیدیەکەی حزب بۆ سیاسەتکردن گونجاوە لە ئێستادا؟ یان بە واتایەکی تر ئایا پارتە کوردییەکان درکیان بەو ڕاستیە نەکردووە کە وازهێنان لە پێکهاتەی ستونی و پلەبەندی بۆ پێکهاتەیەکی ئاسۆیی لە بەرژەوەندییاندایە؟
توێژینەوە لەم بوارەدا کراوە و بە تایبەت لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، لە کاتی تێکەڵبوونیان بە یەکێتی ئەوروپا، بۆچوونی جیاوازیان هەبووە لەسەر مانەوە لە سەر ڕێکخستنە کلاسیکییەکەی حزبی سیاسی (٦)، هەندێ لە توێژەران باس لەوە دەکەن ئەو پارتانەی پەیکەر و ڕێکخستنێکی بەهێزیان نییە، سەرکەوتنەکانیان تەنها کاتییە و کورت خایەنە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕایەکی تر پێی وایە پارتە بەهێز و پەیکەر تۆکمەکانیش ناتوانن لە ئێستادا گەرەنتی سەرکەوتنەکانی خۆیان بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا. لە سەردەمی ئێستادا ناوبانگی کەسەکان و سەرکردەکان ڕەنگە گرنگ بێت، میدیایەکی بەهێز و پڕۆپاگەندە ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت، ڕەنگە دروستکردنی بەرژەوەندی ماددی بۆ ئەندامان و فاکتەری ئابووری گرنگ بێت، بەڵام لەسەرروو هەموویانەوە ڕەنگە داڕشتنەوەی پەیکەری پارتەکە بە پێی بازنەکانی هەڵبژاردن فاکتەرێکی تری بەهێز بێت (٧). ئەمەش ڕەنگە دەستەبژێری سیاسی ناو پارتەکە بگەنە ئەو بڕوایەی کە چیدیکە ئەو پەیکەرە ئاڵۆزەیان پێویست نەبێت بۆ سیاسەتکردن.
لێرەدا گفتوگۆ لەسەر دوو ئاڕاستەی جیاواز لە بیرکردنەوە دەکەین کە لە ناو حزبە کوردییەکاندا بووەتە جێگەی مشتومڕ، ئاڕاستەیەکیان پێی وایە واقعی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردی ئەم جۆرە لە پەیکەر بەندی ستونی - هەرەمی - یان پلەبەندی پێویستە لە ئیستادا، بەڵام ئاڕاستەیەکی تر پێی وایە تێپەڕاندنی ئەم جۆرە لە ڕێکخستن پێویستییەکی سەردەمە و گۆڕانکاری لە پەیکەری ڕێکخستنی پارتەکاندا لە ستونییەوە بۆ ئاسۆیی پێویستییەکی بنەڕەتییە.

### یەکەم / مۆدێلی پەیکەری ستونیی - هەرەمی

ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەی ناو پارتەکان بەو مانایە دێت کە لە ئێستادا ئاڕاستەیەکی بەهێزی ناو حزبەکان بڕوایان وایە کە هاندەرێکی کەم هەیە بۆ گۆڕینی پەیکەری حزب لە ستونییەوە بۆ ئاسۆیی. دوای پێداچوونەوەیەکی خێرا لەسەر ئەگەری گۆڕانکاری لە ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان، ڕەنگە شیاو بێت لە ئێستادا دان بەوەبنێین کە پارتەکان سودێکی زۆریان بینیوە لە پەیکەربەندی ستونیی بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنگر و دەنگدەر، بگرە ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە سیاسیەکان، هەروەها لە ڕێگەی ئەم پەیکەربەندییەوە پارتەکان توانیویانە پشتیوانی گشتی بۆ کارنامە، دیدگا و گواستنەوەی زانیاری پێویست سەبارەت بە پرسە ناوخۆییەکان بگەیەنرێتە ئاستە جیاجیاکانی حزب. بە پێی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی نێو فۆکس گروپەکە ڕەنگە لە ئێستادا ئەستەم بێت یان مەترسیدار بێت بۆ پارتەکان کە دەستوەردان لەم پەیکەرەدا بکەن، چونکە ئەم شێوازە لە پەیکەربەندی هاوتای یان ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردیە (٨). یەکێك لە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی پارتەکانی دەسەڵات دەڵێت: ئەگەر سەیری دابەشکاری ناو کۆمەڵگەی کوردی بکەین دابەشکارییەکی عەشیرەت و خێڵ و بنەماڵەییە، ئەم دابەشکارییە ڕۆڵێکی تەوەریی دەگێڕێت، چ لە دەرەوەی شارەکاندا یان لە ناو شارە گەورەکانیشدا بە تایبەت لە زۆرێك لە گەڕەکە میللییەکاندا، تا ئێستا ئێمە زۆر سوودمان لەم دابەشکارییە وەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی خۆمان و گەرەنتی دەنگدەر، ئێمە پەیوەندی بە سەرۆك عەشیرەتێکەوە دەکەین ئەویش بە بنەماڵەکانەوە ئەوانیش بە خێزانەکان ئەوانیش بە خێزانە بچوکەکانەوە و تا تاك بە تاك، بەم شێوەیە توانیومانە تا ئێستا سەرکەوتوو بین لەوەی ئەگەر لە بنەماڵەیەکدا کەسێکیش ئەندام نەبێت بیکەینە لایەنگر، یان دەنگدەری خۆمان چونکە تا ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕێزی سەرۆك عەشیرەت و سەرۆك خێزان دەگیرێت، لە بڕیار دەرچوونیان کەمە، ئەگەر توانیبێتمان لەناو خێزانێکدا یەك کەسیش ڕازی بکەین بە پشتگیری کردنمان ئەوە باشترە تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسۆی کار بکەین (٩). کەواتە پێکهاتەی پەیکەری پارتەکان بەوشێوە ڕێکخراوەییەی کە ئێستا هەیانە، (ستوونی) کار دەکات و لەگەڵ واقعی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێت.

لە پەیکەربەندی پارتەکاندا شێوازی ڕێکخستنی ستونیی و ناوەندێتی جێگیر کراوە، ئۆرگانە ناوچەیی و ناوخۆییەکانی حزب دادەمەزرێنن و لەسەر ئاستی ناوەندی ئەرکیان پێدەسپێرن. بە پێی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی نێو فۆکس گروپەکە پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە بنەڕەتییەکان و حزبە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی لەدایکبوونیان کە لەسەر شێوازی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و پارتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دروست بوون (١٠). ئەمەش بەومانایە دێت کە حزب لە ڕووی پراکتیکییەوە بەهێزە و شەرعیەت بە ڕێکخستنی ناوەندی دەدات. ئەمڕۆ حزبە کوردییەکانی دەسەڵات و بەشێکیش لەوانەی پێیان دەوترێت ئۆپۆزیسیۆن یان جارجار بەشداری دەسەڵات دەکەن ئەم شێوازە لە ڕێکخستن پەیڕەو دەکەن. ئەو حزبانەی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانیان هەیە شانازی بە پتەوی و تۆکمەیی ناوخۆیی خۆیانەوە دەکەن.

لەگەڵ تۆکمەیی ناوخۆییدا لەڕووی ڕێکخستنەوە بەڵام فاکتەری ئابووریش هۆکارێکی گرنگە بۆ مانەوە و بەرەودان بەم جۆرە لە ڕێکخستن، لە ئێستادا لە ڕووی ئابوورییەوە پارتەکانی دەسەڵات خاوەن سامانێکی بەرچاون بە هەموو سەروەت و سامانی گواستراوە و نەگواستراوەوە، ئەم دەرامەتە بۆ پارتەکانی دەسەڵات بووەتە سەرچاوەیەکی بەهێز و هەمیشەیی بۆ بەڕێوەبردنی حزبەکانیان و سەرکەوتوویی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کە تا ئێستا ڕیکۆردی هەڵبژاردنیان لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خۆیدا بووە، هەرچەندە لە خولەکانی پێشوودا کاریگەری نەرێنی هەبووە، بە تایبەت بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بە پێی ڕای بەشداربوانی فۆکس گروپ قەبارە و پێکهاتەکەیان لەگەڵ سامانە بۆ ماوەییەکانیان تاکە سەرچاوەیە بۆ سەرکەوتن لە کێبرکێی پارتەکانی تردا، هەروەها تاکە هۆکارێکە تاڕادەیەك توانیوێتی ئاستێکی جێگیر لە پشتیوانیی بپارێزێت (١١). یەکێك لە ئەندامانی پارتی دەسەڵات بڕوای وایە ئەم جۆرە لە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا بەرژەوەندی ئابووریی زیاتر و گەورەتری کردووە، چونکە پارتە سیاسیەکان هەر زوو زانیان ناتوانن ببنە بەرژەوەندی ئابووری بڕوا بە ئەندامان، لایەنگران و دەنگدەرانیان بهێنن، بۆ ماوەیەکی زۆر بە بەردەوامیی وابەستەی پارتەکە بن، بۆیە پارتەکانی دەسەڵات دەستیان بە دروستکردنی بەرژەوەندی ئابووری کرد بۆ ئەندامان و بگرە بۆ لایەنگرانیان وەك پێدانی موچە، دامەزراندن، پێدانی زەوی و هەندێ بەرژەوەندی تر کە لە هەندێ کاتدا ئەم جۆرە لە پێدانی ئیمتیاز زۆرێك لە عەشیرەت و بنەماڵە و خێزانەکانیشی گرتۆتەوە (١٢).

هەرچەندە بوونی پەیکەرێکی ئاڵۆزی لەم شێوەیە لە ئێستادا لایەنی ئەرێنی هەیە، بەڵام ئێستا لە نێو پارتە سیاسییەکان بیرکردنەوەیەکی جیاواز بەدی دەکرێت لەسەر مانەوەی پارتەکان لەسەر ئەم ڕێکخستنە کلاسیکییە ، کە لە ڕاستیدا وەك یەکێك لە بەشداربوانی فۆکس گروپەکە دەڵێت پێویستییەکی بنەڕەتی نییە بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا(١٣)، ئەندامێکی تری فۆکس گروپەکە سەرنجی داوە کە ململانێ لە نێوان جیلی نوێ و جیلی پێشوودا خەریکە ڕوودەدات و گۆرانکارییەکان خێران و پێویستمان بە گۆڕانکاریی ناوخۆیی حزب هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین خواست و داواکاری جیلی نوێ شوێن بکەینەوە (١٤). بەڵام سەبارەت بە پرسی ئەگەری هەمواری ئەم ڕێکخستنە کلاسیکییە، بەڕای کۆمەڵێك لە بەشداربووانی فۆکس گروپەکە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە بۆ پەیکەرێکی نوێتر لەسەر بنەمای بازنەکانی هەڵبژاردن دابڕێژرێت (١٥). بۆ نموونە سلێمانی پێشتر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پێنج بازنەی هەڵبژاردن بوو، کەواتە باشتر وایە پێنج (ناوچە/کۆمیتە)ی ڕێکخستنی هەبێت. تەنانەت ئەگەر یەك بازنەش بێت وا باشترە لە سەر بنەمای هەڵبژاردن دابڕێژرێتەوە. ئەم پەیکەربەندییە زۆر پێویستە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، کە لێرەدا پارتەکان پێویستیان بە خەڵکانێکی چالاك هەیە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی کاریگەری هەڵبژاردن، بۆ نموونە وەك ئەندامێکی فۆکس گروپەکە باسی لێکرد: خەڵکمان پێویستە بۆ پۆستەر، بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوە، بۆ گەڕان بە شوێنە دوورەکاندا، بۆ گردبوونەوە...هتد. هەموو ئەم چالاکییە سیاسییانە چۆن ئەنجام دەدرێن ئەگەر پەیکەر و ڕێکخستنەکە لەسەر بنەمای بازنەکان دانەڕێژرابێت. بۆ نموونە دانانی پۆستەرێك یان سەردانیکردنی خێزانێك یان قسەکردن لەگەڵ کۆمەڵێك گەنجدا هەموو ئەم وردەکارییانە ناتوانرێت بە پشت بەستن بە ڕێکخستنی کلاسیکی لە ناوەندەوە بکرێت (١٦). لە ئێستادا پارتەکانی دەسەڵات لە پاڵ ڕێکخستنە کلاسیکییەکەدا ئەم شێوازەی ڕێکخستن پەیڕەو دەکەن. بۆ نموونە یەکێك لە ئەندامانی فۆکس گروپەکە وتی: لە کاتی پێشنیارکردنی ئەم جۆرە لە ڕێکخستن بە پێی بازنەکانی هەڵبژاردن لە لایەن مەکتەبی هەڵبژاردنەوە، مەکتەبی ڕێکخستن پێیان ئاسان نەبوو. بەڵام دواتر کردمان بە ئەمری واقع و ئێستا لەگەڵیدا گونجاوین، پشتگیریشی لە ئاستی باڵادا هەیە (١٧).

هەرچەندە گۆڕینی ئەم پەیکەرە لە ئەمرۆدا پەیوەندیدارە بە ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە، تاڕادەیەك لە بەرژەوەندی پارتەکانە، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنی کلاسیکی پارتەکە تێچووی زۆر دەبێت لە ئێستادا. بەڵام بە بڕوای ئەندامێکی پایەبەرزی نێو حزبی دەسەڵات گۆڕانکاری جەوهەری لە پەیکەری حزب و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی لە دەستدانی بەشێکی بەرچاوی دەنگدەرەکانمان (١٨). بە بڕوای سەرکردەکانی پارتەکە کادیرە ناوەندییەکان و بەتەمەنەکانی حزب بە پلەی یەك پەیوەندییان بە حزبەوە هەیە بە بەردەوامیی نەك لەبەر سەرکردەکانی حزب یان بەرنامەی کاری حزبەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو ئارەزووی بەردەوامبوون دەکەن لەگەڵ خێزانێکدا کە لەسەرەتای دامەزراندنی پارتەکەوە هەژموونی بەسەر پارتەکەدا سەپاندووە یان لە کۆمیتە و لقێکدا یان بارەگایەکی پارتەکەدا، ڕۆژانە لەوێ دەبن تەمەنێکیان لەگەڵ پارتەکەدا بەسەر بردووە، لە ئێستادا ئەستەمە ئەمانە فێری جۆرێکی تر لەکاری ڕێکخستن ببن و دەستکاریکردن و گۆڕینی بنەڕەتیی لەم ڕێکخستنە کلاسیکییەدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی جیلی پێشوو (١٩). لە کاتێکدا ڕەنگە پێکهاتە و پەیکەری حزب لە گۆڕاندا بێت بەڵام هێشتا ئەو ڕێکخستنە کلاسیکییە سوودی بنەڕەتیی بۆ پارتەکان هەبێت، بۆ نموونە ئەو جۆرە لە دابەشکاریی و ڕێکخستن و پێکەوەییە ئامرازێکی گرنگ بێت بۆ کۆکردنەوەی ڕاستەوخۆی ئەندام و لایەنگرەکانیان، کە لە هەڵبژاردنەکاندا بوونەتە ئامرازێکی سەرەکی حزب بۆ ئامادەسازی، کۆکردنەوە و زامنکردنی دەنگدەرانی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. سەرەڕای ئەوەش پارتەکان لە ڕێگەی ئەم جۆرە لە ڕێکخستن و پەیکەر بەندییەوە دەتوانن باشتر چاودێری چڕی ڕوداو و پێشهاتەکان بکەن. خاڵێکی گرنگتر ئەم جۆرە لە پەیکەربەندیی و دابەشکارییە تا ئێستا بووەتە هۆی پاراستن و بزوێنەری ئایدۆلۆجیای حزب لە نێو ڕیزەکانیاندا. لەڕووی پراکتیکی و ڕێکخراوەییەوە بەبێ ئەم پەیکەربەندییە ئەستەمە پارتە سیاسییەکان بەردەوامیی بەم پەیوەندییانە بدەن و ئەندامانی پارتەکان ناتوانن زۆرجار لە پەیوەندییدا بمێننەوە لەگەڵ ئەندام و لایەنگر و دەنگدەرانیاندا، کە بتوانن بە متمانەوە توانای خۆیان بەکاربهێنن بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان، هەروەها بەرپرسیارێتی کارەکانیان لە ئەستۆ بگرن.

### دووەم/ مۆدێلی ڕێکخستنی مۆدێرن

مۆدێلی دووەم باس لە حاڵەتی پێچەوانە دەکات کە پارتەکان لە لایەن دەستەبژێرەوە پێکدەهێنرێن، کۆمیتە ناوەندییەکان یان سەرکردایەتی دادەمەزرێنن، واتە دەستەی دامەزرێنەری پارتەکە دادەمەزرێنن، دواتر بۆ پەیداکردنی ئەندام و لایەنگری نوێ مەرج نیە بەتەواوەتی پابەند بن بە پەیڕەو پرۆگرامی پارتەکەوە بەڵکو تەنها وەك لایەنگر و دۆست بمێننەوە و لە کاتی پێویستی وەك هەڵبژاردن و هەندێ چالاکی حزبدا پشتگیریی سیاسەتەکانی پارتەکەبن. خاڵێکی بنەڕەتی ئەم پارتانە جیادەکاتەوە لە پارتەکانی تر کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، ئەویش پەیوەندییەکانی نێوان حزب، ئەندامان و لایەنگران بە شێوەیەکی جیاواز گەشەی کردووە ئەویش نزیکە لە ڕێکخستنی ئاسۆییەوە. بزوتنەوەی گۆڕان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٦ جۆرێك بوو لە حزبی هەڵبژاردن واتە حزب فۆکەسی خۆی لەسەر بەرنامەی کارکردن بوو بۆ ماوەی چوار ساڵ، وەك یەکێك لە بەشداربوانی فۆکس گروپەکە دەڵێت: گۆڕان ڕایەڵە سەرەکییەکانی حزبی هەبوو بۆ ڕێکخستنی کاری ناوخۆیی، ڕێکخستنەکانی خۆی لەسەر بنەمای بازنەکانی هەڵبژاردن بوو (٢٠). ئەندامان و لایەنگرانی گۆڕان بە شێوەیەکی کاریگەر وەك هاندەر و لایەنگری ئاشکرا یان شاراوە بوون لەڕووی قەبارە و ئەندامێتییەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ پارتەکانی تردا هەبوو. بەڵام لەڕووی پەیوەندییەکانی ئەندامانیان (بەڕێوەبردنی سیستەمی حزبی و کاریگەریی ململانێیی نێوان دەستەبژێری سیاسیەوە) جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ حزبە تەقلیدییەکاندا نەبوو.

لەڕووی تیۆرییەوە دیدگاکانیان بۆ ڕێکخستنی پارتێکی سیاسی جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبوو لەگەڵ حزبە کلاسیکییەکانی پێشتر. یەکێك لە ئەندامانی فۆکس گروپەکە ئاماژەی بەوەدا کە فۆکەسی گۆڕان لەسەر ڕایەڵە سەرەکیەکانی پارتەکە بوو، لە ڕێکخستنی ئاستەکانی خوارەوەدا وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری بوو، واتە دۆست و لایەنگری زۆر بوو (٢١). ئەمەش زیاتر وای پیشاندەدا کە وەك بزوتنەوەیەکی مۆدێرن کە لە کەسانێك پێکهاتبوون لە سیاسەت و حوکمڕانی لایەنەکانی تر ناڕازین، هەوڵدەدەن بەدیلێکی جیاواز دروست بکەن نەك تەنها بۆ بەڕێوەبردنی حزب بەڵکو وەك بەدیلێکی جیاواز بۆ حوکمڕانی.

هەرچەندە پارتە سیاسییە مۆدێرنەکان شانازی بە پێکهاتە، پەیکەری ناوخۆیی و ناوچەیی خۆیانەوە دەکەن، چونکە میکانیزمێکی گرنگە بۆ پاراستنی پێگە و سەنگی خۆیان، بۆ وێنە بزوتنەوەی گۆڕان لە دوو هەڵبژاردندا ٢٠٠٩ و ٢٠١٣ ٢٥ کورسی، ٢٠١٣ش ٢٤ کورسی بەدەستهێنا، لە کۆی ١١١ کورسی. بەڵام تەنها بۆماوەیەکی کورت ئەو پشتیوانییە بەرچاوە مایەوە، هەرچەندە پاشەکشەی ئەم هێزە تەنها پەیوەست نییە بە پەیکەری پارتەکەوە، بەڵکو پەیوەستە بە سیاسەتی پارتەکەش لە بەشداریکردن لە حکومەتدا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٦، لەبەرئەوەی نەیتوانیی پاکێجە ڕیفۆرمەکەی جێبەجێ بکات، لەپاڵ ئەمەشدا ئەدای ناکارای کادیرەکانی لە حکومەتدا هۆکار بوو لە لاوازکردنی بزوتنەوەکە. بێجگە لە ململانێی ناوخۆیی و بەڕێوەبردنی ناکارای سەرکردەکانی ئەم پارتە دوای مردنی بەڕێز نەوشیروان مصطفی دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە.

هەر لە نێو مۆدێلی مۆدیرن لە ئێستادا نەوەی نوێ و هەڵوێست خۆیان وەك پارتی دەنگدەر پێناسە دەکەن، تەنانەت وەك گۆڕانی پێشوو ڕایەڵە سەرەکیەکانی حزبیان نییە و دیار نین و تەنها یەك بارەگایان هەیە (٢٢). بەهۆی کەمی ژمارەی ئەندامانیان و سنوری پێکهاتەی نێوخۆییانەوە دەتوانرێت وەك پارتی (کادر) پۆلێن بکرێن. ئەمەش بەمانای ئەوەی ئەندامە سەرەکییەکانیان کەمن و دیارن، بەڵام دۆست و لایەنگرانیان زۆرن، تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگ بە پارتەکە دەدەن و لە هەندێ چالاکی و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان بۆ پشتگیری پارتەکە بەشدار دەبن.

بەگشتی پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی مۆدێرن لایەنی ئەرێنی زۆرە بۆ نموونە پارتەکان پەیکەرێکی نافەرمیان هەیە دەبێتە فەزایەکی دیموکراسی، کە تاڕادەیەك پابەندێتی تێدا نییە وەك لە سیستەمە کلاسیکییەکەی پێشوو، ڕەنگە لێرەدا دەنگدەر بتوانێت هاوبیرەکانی خۆی بدۆزێتەوە خۆشیان ڕێکبخەن بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کە لە بەردەستدان. بەڵام دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین فەزایەکی لەم شێوەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا گەشەی نەکردووە، وەك ئەندامێکی فۆکس گروپەکە ئاماژەی بۆ کرد: فەرهەنگی سیاسی ئەوەندە گەشەی نەکردووە تاوەکو ئەم مۆدێلە ئاسۆییە لە ڕێکخستنی پارتەکان ببێتە مۆدێل، هەروەها باسی لەوەش کرد کە تەنانەت پارتە سیاسییەکان بە شێوەی ستونی دروستبوون، بۆنموونە پارتی دروستبووە یەکێتی لێ جیابۆتەوە، کۆمەڵی دادگەری لە بزوتنەوەی یەکبوون جیابۆتەوە، باڵی ڕیفۆرم لە یەکێتی وازهێنانی خۆیان ڕاگەیاند و دواتر بزوتنەوەی گۆڕانیان دروستکرد، بەرەی گەل لە یەکێتی جیابۆتەوە... هتد. واتە دەبینین پارتێکی سیاسیمان نیە بەشێویەکی ئاسۆیی لە ئەنجامی جۆرێك لە گەشەی فەرهەنگیی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دروست بووبێت (٢٣). بەڵام نەوەی نوێ خۆی بە مۆدێلێکی نوێ دادەنێت لە هیچ پارتێکی تر جیانەبۆتەوە هەرچەندە بەشێك لە ئەندامە باڵاکانیان پێشتر لە ناو پارتەکانی تردا بوون.

سەرەڕای هەموو ئەوانە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین جێگیر کردن و چەسپاندنی ئەم مۆدێلە دوو ئەنجامی نەرێنی دەبێت لەسەر پارتەکان: یەکەم پارتەکان سەرچاوەیەکی بە نرخی زانیاری لە دەست دەدەن، کە هەم دەتوانن بۆ داڕشتنی ئەجێندا و هەم بۆ پەیوەندییەکانیان بەکاربهێنرێت، بەم شێوەیە ناتوانن سوودمەندبن لە بیرۆکەی داهێنەرانەی ئەندامەکانیان. دووەم شکست دەهێنن لە تۆخکردنەوەی ناسنامەی ئەندامێتی ئەندامەکانیان و لایەنگرانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاستەقینەی لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانیاندا یان بەشداری پێکردنیان لە داڕشتنی ئەجێندا و ستراتیجی پارتەکەدا ڕوونەدات، بێجگە لەوەی لە ئێستادا ناتوانرێت هیچ بەرژەوەندییەکی ئابووری بۆ ئەندام و لایەنگران دروست بکرێت بۆیە مانەوەی دەنگدەر بە جێگیریی ئەستەم دەبێت.

## تەوەرەی دووەم /
## یاسای ڕێکخستنی کار و چالاکیی پارتە سیاسییەکان

دامەزراندنی پارتی سیاسیی و کار و چالاکییەکانی لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ ) ڕێکخراوە، لە عێراقیشدا بە یاسای پارتە سیاسییەکان ژمارە ( ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٥ ). پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە: پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کام یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت؟

بۆ ئەوەی پارتێکی سیاسیی بتوانێت لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەشداری بکات، دەبێت بەپێی یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق کۆنفرانسی خۆی ببەستێت و پێداویستییە یاساییەکانی تێدا فەراهەم بێت، واتە دەبێت کارەکانی بەپێی ئەم یاسایە بێت، لەهەمان کاتدا دەبێت داواکارییە یاساییەکانی یاساکەی هەرێمی کوردستانیشی تێدا فەراهەم بێت و دۆخی خۆی لەگەڵ ئەو یاسایەدا ڕێك بخات. بوونی ئەم دوو یاسایە و جێبەجێکردنیان لە یەك کاتدا بارگرانی دارایی و ڕێکاریی بۆ پارتی سیاسی دروستدەکات، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی پارتی سیاسی دوو کۆنفرانسی دامەزراندن ببەستێت، دوو ڕەسمی خۆ تۆمارکردن بدات، ئەمانە و چەندین ڕێکاری دیکەی دووبارە.

بوونی یاسایەك لە دەوڵەتی فیدراڵدا و یەکێکی دیکە لە هەرێمدا، ڕەنگە نەتوانرێت لەڕووی دەستوورییەوە بەلایەکدا بخرێت، سروشتێکی فیدراڵیی یان هەرێمی بە یاساکە ببەخشرێت، هەرچەندە بەپێی ماددەی ١١٥ی دەستوور دەکرێت یاسای پارتە سیاسییەکان بخرێتە خانەی یاسا هەرێمییەکانەوە، بەڵام کە سەیری کاریگەری یاساکە و چوارچێوەی پەیڕەوکردنی دەکەین، ئەو قەناعەتەمان لا دروست دەبێت، کە ئەم یاسایە یاسایەکی سروشت فیدڕاڵە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قەناعەتە، یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق هاوشێوەی حکومەتی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستانیشدا بەسەر پارتە سیاسییەکاندا جێبەجێدەکرێت، بێ ئەوەی پێویست بە دەرچوواندنی یاسای کارپێکردن بکات.

**پشتبەست بەوانەی باسکران، دەگەینە ئەم دەرەنجامە:**

بوونی چەند یاسایەك بۆ ڕێکخستنی کاری پارتە سیاسییەکان، بارگرانیی دارایی و ڕێکاریی بۆ پارتە سیاسییەکان دروستدەکات، دەبێتە هۆی ناکۆك بوونی حوکمەکانیان، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیە پێشنیار دەکەین:

١. یاسایەکی نوێ لە هەرێمی کوردستاندا دەربکرێت، تیایدا ڕەچاوی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخستنی کاری پارتی سیاسسی بکرێت و هاوشێوەی یاساکەی عێراق بێت یان پێشکەوتووتر بێت. دامەزراندن، کار و چالاکی هەموو پارتێکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی ئەو یاسا نوێیە بێت، ئەو پارتە سیاسییانەش کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بەشداری دەکەن، لە فەرمانگەی پارتە سیاسییەکان تەنها خۆیان تۆمار بکەن بێ ئەوەی پێویست بە دووبارەکردنەوەی ڕێکارەکان بێت، تەنها ڕێکارەکانی تۆمارکردنیان لە کوردستاندا بکرێتە بنەما.

٢. تا دەرچوونی ئەو یاسایە کار بە یاساکەی عێراق بکرێت. خۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان هەر ڕژد بوو لەسەر ئەوەی یاسای تایبەت بە خۆی هەبێت بۆ ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا پێشنیار دەکەین، هەر پارتێکی سیاسیی ئەگەر بەپێی یاسا فیدڕاڵییەکە دامەزرابوو پێویست نەکات جارێکی دیکە ڕێکاری دامەزراندن دووبارە بکاتەوە، لەم بارەدا بە پێی یاساکەی هەرێمی کوردستانیش بە دامەزراو دابنرێت، هەروەها هەر پارتێکی سیاسیی بە پێی یاساکەی هەرێمی کوردستان دامەزرا بوو، ئەوا لە بەغداد بەپێی یاسا فیدڕاڵییەکە تەنها تۆماربکرێت، بێ ئەوەی پێویست بە دووبارەکردنەوەی ڕێکارەکانی دامەزراندن بکات.

## یەکەم/ کێ سەرپەرشتیی و چاودێری کار و چالاکیی پارتە سیاسییەکان بکات؟

بەپێی یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن (وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی وەزیران) سەرپەرشتیی و چاودێری دامەزراندن، کار و چالاکییەکانی پارتی سیاسی دەکەن. مەترسی سپاردنی چاودێریکردنی کاری پارتی سیاسی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەوەدایە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە لایەن پارتی براوەی هەڵبژاردن پێکدەهێنریت و بەڕێوەدەبرێت، بۆیە ڕەنگە ئەم چاودێریکردنە وەکو چەکێك لە دژی پارتە ڕکابەرەکان بەکاربهێنرێت و پارتی فەرمانڕەوای پێ بەهێز بکرێت، سەرئەنجام سەربکێشێت بۆ قۆرخکاریی، پارتی دیکتاتۆر و تاکڕەو.

بەپێی یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق، ئەرکی سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی دامەزراندن، کار و چالاکیی پارتی سیاسی سپێردراوە بە فەرمانگەی پارتە سیاسییەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن. ئەم کۆمسیۆنە دەستەیەکی سەربەخۆیە و لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە هەڵدەبژێردرێت، بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانان بەرپرسە، بەڵام هەژموونی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نیە. شایانی باسە، ئەم کۆمسیۆنە لەساڵی ٢٠١٩ ەوە، هەموو کۆمسیارەکانی دادوەرن و لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە کاندید دەکرێن و ئەنجوومەنی نوێنەران متمانەیان پێدەدات (٢٤). ڕەنگە مەبەستی یاسادانەر لەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیاران دادوەر و ئەندامی دەسەڵاتی دادوەریی بن، ئەوە بێت کە ئەم کۆمسیۆنە بەهێز بێت لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا و نەکەوێتە ژێر هەژموونی ئەم دەسەڵاتەوە.

هەموو ئەو ڕێکارانەی سەرەوە نیمچە دڵنیاییەك دەدەن بە پارتە سیاسییەکان، کە مامەڵەیەکی تا ڕادەیەك دادپەروەرانەیان لەتەکدا دەکرێت و ڕێگردەبن لەوەی پارتێکی سیاسی بنەماکانی ڕکابەریی و ململانێی سیاسی قۆرخ بکات و لە بەرژەوەندی خۆی دژی ڕکابەرەکانی بەکاری بهێنێت.

ئێمە لێرەدا پێشنیار دەکەین دەستەیەکی سەربەخۆ سەرپەرشتی و چاودێری پارتە سیاسییەکان بکات، ئەم دەستەیە لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێرێت تەنها لە بەرامبەر پەرلەمانیشدا بەرپرسیار بێت.

## دووەم/ دەستەبەریی یاسایی بۆ پارتی سیاسی

لە هەرێمی کوردستاندا، بڕیاری دامەزراندن یان ڕەتکردنەوەی دامەزراندنی پارتی سیاسی، لە ژێر دەستی ئەنجوومەنی وەزیراندایە، ئەمە چەند مەترسییەکی هەیە، لەوانە:

١. لەڕووی هونەریی و تەکنیکییەوە ئاستەنگی زۆری ڕووبەروو دەبێتەوە، چونکە وەزیر ڕەنگە شارەزایی ئەوتۆی نەبێت و ئاگاداری لایەنە هونەرییەکانی دامەزراندنی پارتی سیاسی نەبێت ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات و بابەتەکە نەخرێتە بەردەستی ئەنجوومەنی وەزیران.

٢. لەڕووی یاساییەوە زیان بە پرەنسیپی یەکسانیی لە ڕکابەریی سیاسییدا دەگەیەنێت و ڕەنگە وەکو چەکێك بەکاربهێنرێت دژی ڕکابەری سیاسیی کۆن و نوێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بە ڕەتکردنەوەی دامەزراندنەکە، شایانی تانە لێدانە لای دەستەی گشتیی لە دادگای پێداچوونەوە، بەهەمان شێوە سزادان و هەڵوەشاندنەوەی حزب، لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆ دەبێت و لە لایەن دادگاوە بڕیاری لێدەدەرێت و بڕیاری دادگاش شایانی تانە لێدانە لای دەستەی گشتیی ئاماژە پێدراو (٢٥).

لە هەموو ئەوانەی پێشەوە، تێدەگەین کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان بڕیاردەرە یان ڕکابەرە سەبارەت بەدامەزراندن و سزادان و هەڵوەشاندنەوەی پارتی سیاسیی ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە تانە لێدان لە بڕیاری ڕەتکردنەوەی دامەزراندنی پارتی سیاسیی، یان سزادان و هەڵوەشاندنەوەی لەلای دەستەی گشتیی دەبێت (٢٦).

ناهاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها کاریگەریی بەردەوامی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەر دەسەڵاتی دادوەریی، هەروەها لاوازیی دەستەی گشتیی ئاماژە پێدراو، چ لە ڕووی پێکهاتەوە، چ لە ڕووی سەربەخۆییەوە، گومانی ئەوە دروستدەکات کە بەردەوام دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەریی لەسەر بڕیارەکان هەبێت.

بەڵام لە حکومەتی فیدراڵدا، وەکو پێشتر باسمانکرد، فەرمانگەی پارتە سیاسییەکان مۆڵەتی دامەزراندن دەدات، بڕیاری ئەم فەرمانگەیە شایانی تانە لێدانە لای دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن ( دادگای تایبەتمەند )، ئەم دادگایە بە پێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ژمارە ( ٣١ ی ساڵی ٢٠١٩ ) دروستکراوە. بڕیاری ئەم دەستەیەش شایانی تانە لێدانە لە دادگای باڵای فیدراڵی، هەروەها بڕیارەکانی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن بە سزادان یان هەڵوەشاندنەوەی پارتی سیاسی شایەنی تانە لێدانە لە بەردەم دادگای باڵای فیدراڵدا (٢٧).

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕێکارەکانی یاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق دادپەروەرانەترن و دڵنیایی زیاتریان تێدایە بۆ پارتی سیاسی، لە بەر ئەوەی:

١. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لەناویشیدا فەرمانگەی پارتە سیاسییەکان، هەروەها دادگای باڵای فیدراڵی دەستە و دامەزراوەی سەربەخۆن و پاڵپشتیی و پشتیوانیی دەسەڵاتی یاسادانیان هەیە، ئەمەش وا دەکات بتوانن لە بەرامبەر فشارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕابوەستن و نەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم دەسەڵاتەوە.

٢. چ لە پرسی مۆلەت پێدان، چ لەپرسی سزادان و هەڵوەشاندنەوەی پارتی سیاسیدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن لایەن و ڕابەر (خصم ) نییە، بەمەش بڕیارەکان پارێزراو دەبن و پرەنسیپی یەکسانیی مامەڵەکردن لەتەك پارتە سیاسییەکاندا بەرجەستە دەبێت.

## سێیەم/ ماف و ئەرکی ئەندام بەرامبەر پارتی سیاسی

ئەندامی پارتی سیاسی، وەکو چۆن کۆمەڵێك ئەرکی لەسەر شانە بەرامبەر پارتەکەی، کۆمەڵێك مافیشی هەیە، وەکو مافی بەشداریکردن لە کۆڕ، کۆبوونەوە، دەنگدان، بڕیاردان و خۆپاڵاوتن بۆ پێگە حزبی و پۆستە کارگێڕییەکانی دەوڵەت.
پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەمەیە: چ دەستەبەرییەك هەیە بۆ پاراستنی مافی ئەندامانی پارتی سیاسی؟ بە مانایەکی دیکە کامانەن ئەو دەستەبەرییە یاساییانە بۆ پاراستنی مافی ئەندامی پارتی سیاسیی لە بەرامبەر بڕیارەکانی پارتەکەیدا؟
لە ڕاستیدا، لە یاساکەی هەرێمی کوردستان و یاساکەی حکومەتی فیدراڵیشدا بە ڕوونیی باسی ئەم بابەتە نەکراوە. دەکرێت بەپێی یاساکەی عێراق ئەم بابەتە ڕووبەڕووی فەرمانگەی پارتە سیاسییەکان بکرێتەوە، واتە ئەندامی پارتی سیاسیی لە ڕێگەی ئەم فەرمانگەیەوە داوای مافی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەم ڕێکارە ڕەنگە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت، چونکە ئەندامێکی ئاسایی قورسە بۆی دەستی بگات بەم فەرمانگەیە، پاشان ڕەنگە ئەم فەرمانگەیە بە بیانووی تایبەتمەند نەبوون داواکارییەکە ڕەتبکاتەوە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە و لە پێناو پاراستنی مافی ئەندامان و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی سیاسیدا، پێشنیار دەکەین:
پێشتر و لە چوارچێوەی قسەکردنمان لەسەر چاودێریکردنی پارتی سیاسی، پێشنیارمانکرد دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەو مەبەستە دروستبکرێت، ئەو دەستەیە فەرمانگەیەك یان لیژنەیەکی تایبەتمەند دروستبکات بۆ چاودێریکردن و پاراستنی پەیڕەوی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان، لەبەردەم ئەم فەرمانگە یان لیژنە تایبەتمەندەدا تانە لە بڕیارەکانی پارتی سیاسی بدرێت، بڕیارەکانی ئەم لیژنەیەش شایانی تانە لێدان بێت لەبەردەم دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن.
بەم ڕێکارە:

١. دەتوانرێت بە بەردەوامیی چاودێری پەیڕەوی ناوخۆی پارتە سیاسییەکان بکرێت، بۆ دڵنیابوون لەوەی تا چەند ڕێك و تەبان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان.

٢. پارێزگاری لە مافی ئەندامان دەکرێت و بەوەش دڵنیایی زیاتریان پێدەدەرێت، کاری سیاسیش زیاتر بە دامەزراوەیی و یاسایی دەکرێت.

## چوارەم/داهات و خەرجی پارتی سیاسی

لەهەردوو یاساکەی حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستاندا، بە ڕوونیی باسی داهات و سەرچاوەی داهاتی پارتی سیاسیی کراوە، ئەوەی ئێمە لێرەدا بەگرنگی دەزانین، تەنها باس لە چەند پرەنسیپێك بکەین، سەبارەت بە پارەدارکردنی پارتی سیاسیی و بابەتی خەرجکردن:

**پرەنسیپی یەکەم:** پرەنسیپی شەفافیەت لە داهاتی پارتی سیاسیدا. بەپێی ئەم پرەنسیپە دەبێت پارتی سیاسی سەرچاوەی داهاتەکانی خۆی و بڕەکەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئاشکرا بکات.

**پرەنسیپی دووەم:** پرەنسیپی دیاریکردنی زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن لە پارەدارکردن و داهاتی پارتی سیاسیدا، بەپێی ئەم پرەنسیپە دەبێت ڕێژەیەك دیاریبکرێت، ڕێگە نەدرێت بە پارتی سیاسیی زیاتر لەو ڕێژەیە لە هیچ لایەك و بەخشەرێك وەربگرێت (٢٨)، ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی دوو مەبەست:

١. کۆنترۆڵنەکردنی جومگە و بڕیارەکانی پارتی سیاسیی لە ڕێگەی پارەوە.

٢. ڕێگەگرتن لە سپیکردنەوەی پارە، چونکە دەکرێت لە ڕێگەی بەخشینی بێسنوور بە پارتی سیاسی پارە سپی بکرێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر پارتەکە دەسەڵاتدار بێت و سەرچاوەی پارەی لەبەردەستدا بێت، چونکە ڕەنگە گرێبەست و کاری حکومەت بدات بە بازرگانەکانی نزیك لە خۆی، لە بەرامبەردا ئەم بازرگانانە بەشێکی زۆری ئەو پارانە ببەخشنەوە بە پارتەکە، دەرئەنجام پارە و دارایی گشتیی سپیدەکرێتەوە بۆ بەهێزکردنی پارتەکە.

**پرەنسیپی سێیەم:** پرەنسیپی مەعقولیەت لە خەرجییەکانی پارتی سیاسیدا، بە تایبەتی لە کەمپەینی هەڵبژاردندا. بەپێی ئەم پرەنسیپە دەبێت ڕێژەیەك بۆ خەرجی دیاریبکرێت، پارتی سیاسی نابێت لەو ڕێژەیە زیاتر خەرجبکات، بۆ ئەوەی هەموو پارتە سیاسییەکان بتوانن ڕکابەریی بکەن و دەنگ و پەیامیان بگات بە دەنگدەران. ئەم ڕێژەیە بەپێی فراوانیی بازنەی هەڵبژاردن، چڕی دانیشتووان، ژمارەی پارتی سیاسی بەشداربوو و چەند پێوەرێکی دیکە دیاریدەکرێت (٢٩).
هەروەها دەبێت پرەنسیپی دادپەروەریی پەیڕەوبکرێت سەبارەت بەخەرجییەکانی کاندیدەکانی پارتی سیاسیی لەنێو خۆیدا، واتە دەبێت پارتی سیاسیی پابەند بکرێت بەوەی نابێت هیچ کاندیدێکی لەو بڕە دیاریکراوە زیاتر خەرجبکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێت پارتی سیاسی خۆی مامەڵەیەکی یەکسان لە تەك کاندیدەکانیدا بکات.

## کۆتایی

**لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:**

### یەکەم/ دەرئەنجام

١. پەیکەری حزبی لە هەرێمی کوردستان خۆی لە قۆناغێکی هەستیاردا دەبینێتەوە. ئەگەرچی ئەم پەیکەرە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دامەزراندنی سەقامگیری سیاسی لە ڕابردوودا و بەدیهێنەری مافەکانی نەتەوەیەک بووە، بەڵام گۆڕانکاری لەم پەیکەرە کلاسیکییەدا بووەتە خواست لای زۆرینەی پارتەکان.

٢. پارتەکان لە نێوان دوو بژاردەدان: یان گۆڕینی پەیکەرە ستونییە کلاسیکییەکە یان سەرلەنوێ بچووککردنەوەی پەیکەرەکە و داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای بازنەکانی هەڵبژاردن یان بوون بە پارتێکی دەنگدەر تەنها لە کاتی هەڵبژاردندا کۆمەڵێك چالاکییان هەبێت. لە کۆتاییدا هەر بژاردەیەکیان بۆ پارتە کوردییەکان ڕەنگە لە لایەکەوە لایەنی ئەرێنی هەبێت بەڵام لە لایەکی ترەوە ببێتە هۆی مەترسی. ڕاستیەکەی ئەوەیە پەیکەرە کلاسیکییەکە و ڕێکخستنی ستونیی - پلەبەندی، ڕەنگە ئەو ڕۆڵەی نەمابێت بۆ داهاتوو چونکە ڕەنگە ئەستەم بێت کۆنترۆڵی هەموو ئەو جەماوەر و لایەنگرە بکرێت، جگە لەوەش پارێزگاریکردن و ڕازیکردنی بە کۆمەڵی ئەندام، لایەنگر و دۆستەکان کارێکی قورس بێت لە ئێستادا، بەڵام گۆڕینی پەیکەرە کلاسیکییەکە بۆ پەیڕەوکردنی مۆدێلی مۆدێرن، پارتەکان بە زوویی گەشە دەکەن بەڵام بە زوویش پاشەکشە دەکەن.

٣. بوونی دوو یاسا لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بارگرانی دارایی و ڕێکاریی بۆ پارتە سیاسییەکان دروست دەکات، هەروەها بەهۆی ناکۆکی نێوان حوکمەکانی هەردوو یاساکە، کێشە بۆ پێگە یاساییەکان دروست دەبێت.

٤. یاسای پارتە سیاسیەکان لە عێراقدا بە تێر و تەسەلی و وردتر چۆنیەتی دامەزراندنی پارتی سیاسی و کار و چالاکییەکانی ڕێکخستووە بەراورد بە یاساکەی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەستەبەری یاسایی و کارگێریی زیاتری تێدایە بۆ پارتە سیاسییەکان.

٥. لە یاساکەی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا کەلێن و بۆشایی زۆر هەیە سەبارەت بە ماف و ئەرکی ئەندام و پاراستنی لە بەرامبەر پارتەکەیدا، هەروەها سەبارەت بە خەرجییەکانی پارتی سیاسی و بنەما و پێوەری خەرجکردن، ئەمەش وایکردووە دادپەروەری سیاسی لەم بوارەدا ڕووبەڕووی پرسیاری زۆر بێتەوە.

### دووەم/ ڕاسپاردە

١. دۆزینەوەی جۆرێك لە هاوسەنگیی لە هەمووارکردنەوەی پەیکەرە ستونییەکە بووەتە خواست لای زۆربەی ئەندامان، ئەویش باشتر وایە داڕشتنەوەی بە شێوەیەك بێت ئەندامان کەمبن، بەڵام لایەنگر و دۆست زۆر بێت، واتە تێکەڵەیەك بێت لە ستونیی و ئاسۆیی.

٢. تەنها یەك یاسا هەبێت کاروباری پارتە سیاسییەکان ڕێکبخات، خۆ ئەگەر بڕیار بێت، دوو یاسا هەبێت، یەکێکیان هی حکومەتی فیدراڵ ئەوی تریان بۆ هەرێمەکان، ئەوا پێشنیار دەکەین:
ا- هەر پارتێکی سیاسی بە پێی یاسای حکومەتی فیدڕاڵ دامەزرا لە هەرێمدا بە دامەزراو دابنرێت.
ب- هەر پارتێکی سیاسی بە پێی یاسای هەرێمەکان دامەزرا، لە حکومەتی فیدڕاڵدا تەنها تۆمار بکرێت، بێ دووبارە کردنەوەی ڕێکاری دامەزراندن.

٣. دەبێت ڕێکار و ڕێوشوێنەکانی سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی پارتە سیاسییەکان لە هەردوو یاساکەدا هاوشێوەبن، ئەگەر نا پارتە سیاسییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بارگرانی دەبنەوە، تارادەی ناکۆکی و دژوەستان لە ڕێکارەکاندا.

٤. فەراهەمكردنی دەستەبەری یاسایی بۆ پاراستنی مافەكانی ئەندام بەرامبەر بڕیارەكانی پارتەكە، ئەویش لە ڕێگەی ڕوونی حوكمە یاساییەكان و سادەیی ڕێكارە كارگێڕییەكان، بۆ ئەوەی هەموو ئەندامێك بتوانێت پەیڕەویان بكات لە پێناو وەرگرتنەوەی مافەكانیدا.

٥. جێگیركردن و چەسپاندنی پرەنسیپی دادپەروەری لە نێوان پارتە سیاسییەكاندا سەبارەت بە خەرجكردن، بە جۆرێك ڕێژەیەك دیاریبكرێت، ڕێگە نەدرێت لەو ڕێژەیە زیاتر خەرجبكرێت لە بانگەشەی هەڵبژاردنەكاندا، بۆ ئەوەی پارتێكی سیاسی بە تەنها كۆنترۆڵی ئاڕاستە و ئارەزووی دەنگدەر نەكات.

٦. پێشنیار دەكەین دەستەیەكی سەربەخۆ سەرپەرشتی و چاودێری پارتی سیاسی بكات ئەم دەستەیە لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت و تەنها بەرامبەر پەرلەمانیش بەرپرسیار بێت.

# سەرچاوەکان


1. Bednar, J. (2016). What makes some institutions more adaptable and resilient to changes in their environment than others? In Complexity and evolution: Toward a new synthesis for economics (Vol. 19, pp. 167–184).
Wills-Otero, L. (2009). From party systems to party organizations: The adaptation of Latin American parties to changing environments. Journal of Politics in Latin America, 1(1), 123–141.

2. لەم ساڵانەی دوایدا دەستەبژێری سیاسیی کورد زۆرێك لە یاداشت و بەسەرهاتەکانی خۆیان دەنوسنەوە لەسەر شێوەی پەرتووك ئەوەی لەبەردەستدا بێت تا ئێستا بەسەرهات و مێژووە بۆمان دەگێرنەوە.
3.کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: "تێڕوانین لە پەیکەری حیزب و ئۆرگانەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان" بەرواری ٢٧/٤/٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

4. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

5. الدكتور خالد عليوي العرداوي، النظام الحزبي والديمقراطية، من الانترنت:
HTTPS://LAW.UOKERBALA.EDU.IQ/WP/ (تاريخ الزيارة: ٢٥/٧/٢٠٢٥)

6. Karasimeonov, G. (2005). Organizational structures and internal party democracy in South Eastern Europe. GorexPress.

7. مكتب المؤسسات الديمقراطية وحقوق الإنسان، منظمة الأمن والتعاون في أوروبا. (٢٠١٠). مبادئ توجيهية لتنظيم الأحزاب السياسية.
Cavatorta, F., Storm, L., & Resta, V. (Eds.). (2020). Routledge handbook on political parties in the .Middle East and North Africa. Routledge
Jacuński, M., Brodzińska-Mirowska, B., Pacześniak, A., & Wincławska, M. (2021). Party .organization and communication in Poland. Palgrave Macmillan

8. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

9. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ ئەندامی یەکێك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەرواری ٣/٥/٢٠٢٥.

10. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: "تێڕوانین لە پەیکەری حیزب و ئۆرگانەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان" بەرواری ٢٧/٤/٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

11. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

12. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ ئەندامی یەکێك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەرواری ٥/٥/٢٠٢٥.

13. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: "تێڕوانین لە پەیکەری حیزب و ئۆرگانەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان" بەرواری ٢٧/٤/٢٠٢٥، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

14. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

15. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ،

16. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ ئەندامی یەکێك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٧.

17. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ ئەندامی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەرواری

18. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ ئەندامی یەکێك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەرواری ٢٠٢٥/٥/١٢.

19. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ ئەندامی یەکێك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەرواری ٢٠٢٥/٥/١٥.

20. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: "تێڕوانین لە پەیکەری حیزب و ئۆرگانەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان" بەرواری ٢٠٢٥/٤/٢٧، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

21. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ ئەندامی یەکێك لە پارتەکانی دەسەڵات، بەرواری ٢٠٢٥/٥/٨.

22. چاوپێکەتنی نوسەر لەگەڵ یەکێك لە ئەندام پەرلەمان-عێراق نەوی نویێ، بەرواری ٢٠٢٥/٣/٤.

23. کۆمێنتی یەکێك لە ئەندامە بەشداربووەکانی فۆکس گروپ بە ناونیشانی: "تێڕوانین لە پەیکەری حیزب و ئۆرگانەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستان" بەرواری ٢٠٢٥/٥/١٠ ، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

24. بڕوانە مادەی ٣ لە یاسی کۆمۆسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ژمارە ٣١ساڵی ٢٠١٩.

25. بڕوانە ماددەی ١٤ بڕگەی ٤ی یاسای پارتە سیاسیەکانی عێراق.

26. دەستەی گشتی لە دادگای پێداچوونەوە کۆی ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە لە خۆ دەگرێت، وە تایبەتمەندە بە پێداچوونەوە بە حوکمی لە سێدارەدان، یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوەدا، هەروەها ئەوبابەتانەش کە یاساکانی دیکە دەیانخەنە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی ئەم دەستەیەوە. بڕوانە ماددەی ١١ لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٧. شایانی ئاماژە پێدانە بابەتی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها هەڵبژاردن و کاروباری حیزب لە عێراقدا لە لایەن دەستەیەکی دادوەرییەوە تانەکانیان دەبینرێت، ئەم دەستەیە لە سێ دادوەر پێك دێت و لە لایەن دادگای پێداچوونەوەوە دروست دەکرێت. بڕوانە بڕگەی ٤ لە ماددەی ٦ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە ١ بۆ ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، هەروەها ماددەی ١٩ لە یاسای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

27. بڕوانە بڕگەی ٤ لە ماددەی ١٤ی یاسای پارتە سیاسیەکانی عێراق.

28. مبادىء توجیهە لتنظیم الأحزاب السیاسیة، مکتب المؤسسات الدیمقراطیة و حقوق الانسان التابعة لمنظمة الأمن و التعاون في اوروبا، وارسؤ ، ٢٠١١، ص ٥٦.

29. بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا ٦٠.

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاووڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار، بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کولتوری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیاردانداو بەمەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

هەرێمی کوردستان - عێراق، سلێمانی
WWW.VISIONFOUNDATIONIQ.ORG

پەیوەندیکردن:

بۆ پرسیارکردن دەربارەی دەرفەتەکانی هاوکاری، داوای زانیاری زیاتر،
یان گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژەیەک ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

INFO@VFSSIQ.ORG

| visionfoundationiq

دامەزراوەی ڤـیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـی
مؤسسـة رؤيـة للدراسـات الاستراتيجيـة
Vision Foundation for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq